دلاوەران(١)

مناڵەکان:

ئەولادی وەتەن، ئێمە کەوا میللەتی کوردین
بۆ غایەیی ئاسایشی میللەت هەموو گوردین
شێرانە ئەوا مەعرەکە ئارایی وەغا بووین
بۆ رشتنی خوێناوی عەدوو حازری را بووین(٢)

---

(١) کاك «موستەفا سائیب» لەبارەی ئەم سروودەوە بۆ کاك «عبدالرّحمان موفتی» نووسیوە ئەڵێ: ساڵی ١٩٢٢ لە «کەرکووك» قوتابی بووین، بەیانیان بە تورکی گۆرانییان پێ ئەوتین، بیستم کە جەنابی مامۆستا «بێخود» تەشریفی هاتووە بۆ «کەرکووك»؛ چوومە خزمەتی لە بەر «تەکیە»و لە دوای بەخێر هاتن عەرزم کرد: لێرە بە تورکی گۆرانیمان پێ ئەڵێن، ئەویش فەرمووی: جا موستەفا چیت ئەوێ!؟ وتم: قوربان سروودێکمان بە کوردی بۆ دابنێ هەتا ئێمەش لەبەری بکەین، فەرمووی: باشە بەیانی وەرەوە تا سروودەکە بەری. بەیانی چوومەوە خزمەتی ئەم سروودەی فەرمووبوو خوێندیەوە بۆم، منیش رەوانم کردو بردم بۆ قوتابخانەو بە قوتابییە کوردەکانم رەوان کرد؛ خۆیشی نوسخەیەکی نارد بۆ «سلێمانی» بۆ «شێخ نووری»ی «شێخساڵح» کە لە رۆژنامەکانا بڵاوی بکاتەوەو. ئەنجا قوتابخانەکان هەموو بردیانو قوتابییەکان لەبەریان کرد، سروودەکە کە لە سلێمانی بڵاوکرایەوە ناوی شێخ نووریان لەسەر دانابوو وە لە کتێبی «گۆرانی کوردی»دا بە ئیمزای «م. نووری» بڵاوکراوەتەوە.

ئەم سروودە لەسەر ئاوازی: «دیشب که مرا وضع وطن در نظر آمد» ئەوترێ.

(٢) وەغا: جەنگ. را: رێ، رێگە.

***

له پـــــێشمانەوه هـــــەروا	بـــەیداخـــی زەفـــەر ئـــەڕوا
ریشـەی عەدوو با دەر بـێنین	حەق بەدەس خۆمان بسێنین

***

بۆ نەمانی مەزالیم، سوارانی جـەنگی
تەپڵی بازیان لێدا به شـۆخو شـەنگی

***

باوك:
لەم وەزعه گەر ئەی دوژمنی كورد ئێوه ئەپرسن
ئـــەم هـــەمهەمەیه مـــیللەته هـەڵساوه، بـترسن

***

كـــفن بـــۆ خـــۆتان بـــبڕن	هـــــەر له ئـــێستاوه بـــمرن
لازمه لەبەر غەم‌و حەسرەت	بین ئەشك رێزی مـەزەللەت

***

ئـــــەی دلاوەرانـــی وەتـــەن وەرنـــه ئـــیمداد
بـــاوك بـــه پـــەرۆش، لێتان ئـەكـا ئـیستیمداد

کوردانی «غَضَنفَر» شکەنی مەعرەکـە ئـاغۆش
نابێ بکەن ئـەم بـاوکی خـۆتانە فـەرامـۆش(١)
زێـرا کـــە دوو چـاوی ئـەبەدی ئـێمە لە گـۆڕا
چاوی لە زەفەرتانە لە حەربو شەڕو شـۆڕا(٢)

***

بـــاوك بـــە قـوربانتان بـێ   ڕۆحـەکـەی فـیداتـان بـێ
وەختی فرسەتو ئـیتتیفاقە   ڕۆژی لابـــــردنی نـیفاقە

***

ئارەزوو ئەکەم ئێوە، وەختی ئیحتیزار
بە شانو زەفەرەوە بمبەن بۆ مەزار(٣)

***

دایك:

بۆ دەفعی مـەزالیـم، لە مـەوانـیع مـەکـە پـەرهێز
سا دەس بەرە شێرو تفەنگو خەنجەری خوونڕێز
بۆ ئێوە کـەوا غـیرەتە یـەك دەفـعە ڕەگو ئـێسك
حـــاشا کـە بـە حـوزنێکی زەلیـلانەوە فـرمێسك

***

---

(١) «غَضَنفَر» شکەن: شێر بەزێن. مەعرەکە ئاغۆش: ئەوەی ئەوەندە ئازایە ئەڵێی جەنگی لە باوەش گرتووە. (٢) زێرا: چونکە.
(٣) ئیحتیزار: گیان دەرچوون.

له چــــاوم بـــێتو بــتکێ دڵــم یــەك زەڕڕە بشکــێ
چونکو ئێوە جەسوور ئەبینم نـــامێنێ ئــازاری بــرینم
شیرەکەم حەڵاڵتان بێ، ڕۆژی هیممەتە
ڕۆحەکەم فیداتان بێ، وەختی غـیرەتە

***

مناڵەکان:

نوخبەی ئەمەلی ئێمە هەموو بەم دەس‌و بردە
خەڵقینە لەبۆ مـەسعەدەتی مـیللەتی کـوردە
مـەوتێ کـە حـەیاتی وەتـەنێکی لە دوا بــێ
سەد ژینی زەلیلانەیی یـاڕەب بـە فـیدا بـێ

***

ئـــەوکەسانەی جـــەبانن مـــەعنای ژیـان نـازانـن
مردنی لە ڕێگای مـیللەتا چاکترە لە ژین لە زیللەتا
هەرکەس خۆی بکا بە قوربانی میللەت
لە قەبرا هەتا مەحشەر ناکێشێ زیللەت

***

ئافرەت بە مناڵەوە:

یــــارانو رەفــیقانو دلێــرو یــەلی کـــوردان
شەڕ جەژنی هەموومانە بڕۆین بۆ سەفی مەیدان

وەختێ کە بە تەوفیق و زەفەر دێنەوە لامان
ئەوسا گوڵ ئەکەین ئێمە بە شاباشی قەدەمتان
گەر لە ئێوە چەند کەس شەهید بێ
لازمە عەزای ئێمە عید بێ
ئەم پڵنگ بەچانەی وا ئینتیقام سێنن
گەورەیان ئەکەین ئێمە، حەقتان ئەسێنن

***

کچەکان:

ئێمە کە نەمانکردووە بۆنی چەمەنی شوو
مەجهوولی نەزەرمانە گوڵ و نەستەرەنی شوو[1]
ئەم تازە جەوانانە لەبەر سیرەتی ئێمە
گەر بێتو بکەن ئارەزوویی شیرکەتی ئێمە...
لازمە کە دەعوەت بفەرموون
بێنەوە بە روویێکی گوڵگوون
یەعنی چیهرە رەنگین بن بە شان و زەفەر
خوێنی دوژمن بڕژێنن بە نووکی خەنجەر

***

---

(١) نەستەرەن: نەسرین، [ناوی گوڵێکە].

چەك بەدەستەكان:

ئــێمە كــە مــوسەللەح لە دەرو دەشتو لە شــارین
سوێن خۆری حوزووری حەقو بابو كەسوكارین
بــۆ مــەسعەدەتی ئــەم وەتــەنو مـیللەتی كــوردە
ریشــەو رەگــی زاڵــم بــبڕین بــەم دەسو بــردە

***

تــاكــەی لە زەحــمەتا بــین لەنــــاو مــــەزللەتا بــــین
لازمـە بـە كـەیفو مـەسەرڕەت ڕۆح بكەین بە قوربانی مـیللەت
زاتـــەن ئـــێمە خــوڵقاوین بـــــۆ خـــزمەت كـــردن
بــۆ ئــەوەی فــیدا كــار بــین تــــــا رۆژی مـــردن...(١)

***

وردەو چوار خشتەكی

- ١ -

ئەی قەبری تیرە، «ئەحمەدی حاجی رەحیم»ی كورد
گەنجێكی سەر بە مۆرە كلیلی بە تۆ درا

---

(١) لە خوێندنەوەی ئەم شیعرانەوە دەرئەكەوێ لە هەندێ تا «مصرع»یـانا لەنگییێكی ئاشكرا هەیە. ئێمە چاری ئەو لەنگیانەمان پێ نەكرا چونكە لە كتێبی «گۆرانی كوردی» بەولاوە سەرچاوەیەكی‌ترمان لا نەبوو، لەویشا بەم جۆرە نووسرابووەوە، كە ئێمە لێرەدا بڵاومان كردووەتەوە.